# لەمەیدانی خەباتا شەهیدم ناسی

سەرەتای ئاشنایەتیم لەگەڵ شەهیدی نەمر جەمال تاهیر, ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1962/1961 لەو ساڵەدا لەخانەی مامۆستایانی سلێمانی وەرگیرابووین. هۆی یەکترناسینمان ڕێکخستنی قوتابیانی کوردستان بوو...

لەوساڵەدا لیژنەیەکیان پێك هێنابوو, بۆ سەرپەرشتیکردنی قوتابیان لەخانەی مامۆستایان ئەوەی لەبیرم بێت و هەڵە نەبم ئەم ناوانە بوون( شەهید جەمال و کەمال کوردی, ئەحمەد عەزیز فەتاح پێنجوینی, سەلاح حامد ئەسعەد, ئەنوەر محەمەد مەحمود باوەڵ هەڵەبجەیی, عومەر مستەفا محەمەد (پێنجوێنی), محەمەد رەحیم رەمەزان و بەندە).

داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر ناوێکم لەیاد نەمابێ, (41) ساڵ بۆخۆی تەمەنێکە لێرەوە حەز ئەکەم ئەوە روونبکەمەوە, ئەو سەردەمانە بیروباوەڕی سیاسی خەڵکی ئەکردە برای دایکیو باوکیو جێگای متمانەو خۆشەویستی بە شێوەیەك لە نێوانیاندا دروست ئەبوو, مەگەر هەر باوكو دایك بۆ کوڕو کچ یا برا بۆ برا خوشك بۆ خوشك بەوشێوەیە بوایە.

نامەوێ درێژە بەم باسە بدەم, تەنها ئەوەندە نەبێت چەند یادەوەرییەك بخەمە ڕوو:

لەساڵی 1963/1962 دا, شەهید جەمال لێپرسراوی شانەیەکی (3 )ئەندامی بوو کە هەندێ چالاکییان ئەنجام ئەدا بۆ ڕێکخستنی پارتی ئەو سەردەمە:

عومەر مستەفا محەمەد کە ئێستا سەرپەرشتیاری پەروەردەییە قوتابی (2)ی (دار المعلمین) بوو.

خوالێخۆشبوو جەمال ئەمین یارە قوتابی کشتوکاڵی بەکرەجۆ بوو. ساڵی 1965 بە کارەساتی ئوتومبێل گیانی لەدەستدا.

بەندە قوتابی 2ی خانەی مامۆستایان بووم.

هەندێ لەو چالاکییانە, ئەمانە بوون کە بەرێنماییو چاودێری شەهید جەمال ئەنجاماندا لەو ساڵانەدا.

1-لەمانگی (11ی ساڵی 1962-1963 )دا, خوێندنگەی کشتوکاڵی بەکرەجۆ ژمارەیەك قوتابی لەبەشی ناوخۆ دەرکردبوو .

ڕۆژی هەینی بوو, شەهید جەمال هات بۆ بەشی ناوخۆی خانەی مامۆستایان کە لەسەرجادەی مەولەوی بوو بەرامبەر بانکی سەلامی ئێستا.

بە منو جەمال ئەمینو عومەر مستەفای وت ئەبێت دوانتان ئەم چالاکییە ئەنجام بدەن: کە بریتی بوو لە بردنی نامەیەکی هەڕەشە بۆ بەڕێوەبەری خوێندنگەی کشتوکاڵی بەکرەجۆ کە (خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا سەراج) بوو.

جامانەیەك و عەینەکێکی رەشو کڵاوێکی دا بە من, وتی ئەمانە با لەم زەرفەدا بن کە لەپاس دابەزین لەبیەکانی سەرڕێگای بەکرەجۆ نزیك ماڵەکان, ئەم کڵاوە لەسەرکەو جامانەکە بکە ملتو عەینەکەکە بکەرە چاوت.

جەمال لە دوورەوە ماڵەکەت نیشان ئەدات و بیبە بیدەرە دەست مامۆستا عەبدوڵڵا و یەکسەر بگەڕێوەو دەرگاکە راکێشەو بگەرەوە جەمال و هەرلەوێ کڵاو و جامانەو عەینەکەکە فرێ بدەو بگەڕێنەوە بە پاسەکان.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

ئێمەیش هەردووکمان چی پێوتبووین جێبەجێمان کردوو مەوعدمان چایخانەی ئەوقافی ئەوسابوو, ئەوەندەی نەمابوو بۆ نیوەڕۆ گەیشتینەوە لەوێ چاوەڕوانی ئەکردین, لەگەڵ عومەر مستەفا, کە بینینی دەست خۆشی لێکردین و بەپێکەنینەوە وتی ئیتر چیتان ئەوێت ئەوا بون بە پێشمەرگەش.

ئینجا من لێم پرسی کە ئەوکاغەزە چی بوو؟ وتی هەڕەشەبوو ئەگەر ئەو قوتابیانە نەگێڕنەوە, مامۆستا عەبدوڵلا توشی سزای شۆڕشگێڕانە ئەکەین.

ڕۆژی شەممە ئێوارەکەی جەمال هاتەوە بۆ شارو بینیمان وتی قوتابییەکان گەڕانەوە بۆ داخلی و تەرك نەکران.

2-ڕۆژی 1963/3/20 دوای دەوامی قوتابخانە, شەهید جەمال بەمن و عومەری وت ئێوارە لەگەڵ جەمال ئامادەبن ئیشوکاری تایبەت بە نەورۆزمان هەیە, هەمان ئێوارە هات بۆ بەشی ناوخۆکەمان و وتی:

ئەمشەو ئەبێت هەرسێکتان بچن لە خانووە قوڕەکان ئەم دروشمانە هەڵواسن (دروشمەکان لەسەرکارتۆن نووسرابوون و ئەبوایە بە بزمار بە دیوارو دەرگای ماڵەکاندا دابکوترایە) وتی کاتژمێر (5)ی بەیانی تەواوی کەن پێشمەرگەیش لە بناویلەوە دێتە مزگەوتەکەی خانووە قوڕەکان.

شەهید جەمال و هەرسێکمان من و عومەر جەمال بەعەرەبانەیەکی دووئەسپی ئەوسەردەمە (کارتۆنەکان و بزمارو چەکوش)مان خستە گوێنییەك و بردمان بۆ ماڵی ناسیاوێك, لەسەر سەدەکە پشت جادەی برایم پاشای ئێستا ناسیاوەکە مەحمود حەمە ساڵح پێنجوینی بوو خۆی بەتەنیا ماڵێکی گرتبوو بەکرێ, چونکە موچەخۆر بوو لە مالیەو پێنجوین چۆڵکرابوو دائیرەی تیانەمابو هەموو هاتبوونەوە سلێمانی.

بەڵام شەهید جەمال نەهات بۆ ماڵەکە, ئێوارە دوای بانگی ئێوارە چووینە ماڵەکەو ئەو (مەحمود) ناوە دەرگای لێکردینەوەو زۆر پێی خۆش بوو کە چووین بۆ سەردانی.

لەبیرمە شفتەی سوور ئەکردەوە, وتی زۆرم پێخۆشە کە هاتون بەڵام سەرم سوڕماوە چۆن هەرسێکتان یەکتان گرتووە. بەگاڵتەوە وتی بەخوا کەتنێکتان بەدەستەوەیە. شەومان گوزەران تا (مەحمود) خەوی لێکەوت.

کاتژمێر (2) هەستاین بۆناو خانووە قورەکان (هەرئێوارە دیاریمانکردبوو کە لە کوێوە باشەو ڕەبیەکەی خانووە قوڕەکان پێمان نازانێ). ڕۆیشتین من گوێنییەکەم هەلگرتبوو, بەلای قوتابخانەی (خەندە)ی ئێستادا راست سەرکەوتین, ئەوسا ئەوشوێنە ئاوەڕۆی لافاوی زستان بوو, هەمووی چاڵ و چۆڵ بوو لەهەندێ شوێندا قوڕاو بوو.

نەمانزانی کەوتینە چاڵاوێکی زەلکاوەوە, شڵپەی پێمان وایکرد سەگوەڕ دەستی پێکردو ڕەبیەکە داینە بەردەست ڕێژو گوللەی ڕووناکی (گلقە ی تەنویری) هەڵئەداو بەبێ دەنگ و سرپە وتم خۆتان بدەن بەئەرزا. تەقە زۆر بوو, بەڵام نەیانئەزانی بۆ کوێ هەرلەخۆوە تەقەیان ئەکرد, ڕەبیەکە دوریش بوو لە ئێمەوە

پاش چارەکێك زیاتر تەقە نەما, دووبارە دەستمان کردەوە بە ڕۆیشتن و گەیشتینەوە ناوخانووە قوڕەکان, لەلای مزگەوتی حەمەی حاجی ڕەشیدی ئێستا, بڵاو بووینەوە بۆ ناو خانووەکان.

کە گەیشتین, یەکسەر چووین بۆ مزگەوتەکە, شەهید جەمال ناونیشانی دابوینێ هەرچەندە گەڕاین کەسی لێنەبوو. کاتژمێر لە (3)ی شەو لای دابوو کەمێ ترساین و بەپەلە دەستمان کرد بە داکوتانی کارتۆنەکان, بە دیواری مزگەوت و ماڵەکاندا.

لەبیرمە ماڵێك دیوارەکەیان بەردو چیمەنتۆبوو, ناچار کارتۆنەکەمان بە دەرگاکەدا داکوتی دەرگاکە تەختە بوو. کابرای خاوەن ماڵ خەبەری بووەوە هات دەرگای کردەوە دەرپێیەکی سپی لەپێدابوو, وتی کاکە ئەوە چی ئەکەن؟

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

جەمال وتی: پێشمەرگەین بچۆ ژوورەوە بەیانی ئەزانی چیمانکردووە. لەگەڵ لێبوونەوەدا, یەکسەر بەشوێنی خۆماندا گەڕاینەوە ماڵی مەحمود. هێشتا دنیا ڕووناك نەبوو بۆوە.

ئینجا مەحمود لەخەو هەستاو زانی لەدەرەوە بووین بۆیە پێمان وت, چونکە خۆیشی هەر لەڕێکخستنی پارتی ئەوسەردەمەدا بوو.

ئەو دروشمانە کە ئەو شەوە هەڵواسران بەبۆنەی نەورۆزەوە بوو 1963/3/21 .

3-لەڕەمەزانی ساڵی 1963دا, چایخانەی ئەوقاف یەکێك بوو لەو چایخانانەی مۆڵەتی هەبوو کە بەرۆژ کاربکات.دوانیوەڕۆیەکی رۆژی (9)ی رەمەزان منو جەمال و عومەر چووینە چایخانەکە. کوڕێکی پێنجوینی ناوی قادر بوو لەوێ دانیشتبوو. لەگەڵ ئەوەی حەزمانەکرد کە لەوێ بوو. چونکە دەنگ وابوو کە ئەوکوڕە کار لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکانی حکومەت ئەکات. دانیشتین خۆمان بەیاری دۆمینەوە خەریککرد. پاش کەمێك ئەوقادرە هاتەلامانەوە وتی: من پێنجوینیم‌و هەرسێکتان باش ئەناسم‌و ئەزانم کار بۆ پارتی‌و شۆڕش ئەکەن, بەڵام مەبەستم لەم قسانە خراپەکاری نییە. ئەبێت فریامکەون نەجاتم بدەن, ئێمەیش وامانزانی مەبەستی خراپەو لێی توڕەبوین و وتمان قسەی هەلەقو مەلەق مەکە, ئێمە قوتابین ئەخوێنین هیچ پەیوەندیمان بەهیچ کەس‌و لایەنێکەوە نیە..

وتی: ئێوە وا ئەزانن من درۆ ئەکەم, فەرمون بچنە دەرەوە سەیری سندووقە سوورەکەی بەر بەریدەکە بکەن بزانن کێ وەستاوە بۆ کوشتنم (سندوقێکی سووری پۆستە, لەبەردەم بینای بەریدی کۆندا هەبوو)

منیش وتم کاك قادر گیان وازمان لێبێنە کاکە ئەوقسانەی تۆ لەوە ئەچێت ئاسایی نەبێت, کوشتنی چی و سندووقی چی؟

دوای ئەوە من بەجەمالم وت هەستە با بچین شتەکان بێنین‌و بچینەوە بۆ داخلی عومەر لێرە بێت تا دێینەوە. کە لە چایخانەی ئەوقاف هاتینە دەرەوە سەیرمانکرد پیاوێکی جامانە بەسەر وەستاوە لەلای سندوقەکە, قادر وتی ئا ئەوەیە هەردووکمان ناسیمان (هەرچەندە خۆی گۆڕیبوو) جلی رەش‌و قەمسەڵەیەکی کۆنی لەبەرکردبوو. (حسێنی فارس) بوو کە ئێستا نەماوە.

ئێمە ئەمانزانی کاك جەمال میرزا حەمە سەعید-ی پێنجوێنی کە لە ئیعاشەی سلێمانی فەرمانبەر بوو. ئەندامی لیژنەی ناوچەی سلێمانیە. وتمان بابچین بۆ ماڵیان بزانین قادر راست ئەکات. بەرێکەوت کاك جەمال میرزا حەمە سەعید مان لە بەردەم قوتابخانەی گۆیژەدا بینی (کە ئێستا نادی سیروانی وەرزشییە). چۆنی‌و چاکیمان کردو, یەکسەر باسەکەی قادرمان بۆ کرد. وتی راستە فەرمانی کوشتنی دەرچووە, وتمان باشە ئەگەر پەیمانی ئەوەی لێوەرگرین کە ئیشمان بۆ بکات و نهێنی‌و کەل‌و پەلی ئیستیخباراتمان بۆ بێنێ, ئەتوانی رزگاری بکەیت لە کوشتن, وتی باشە ئێستا ئێوە بڕۆن پێی بڵێن تا سبەینێ کاتژمێر (4) لەشوێنێك خۆی حەشار بدات, جوابتان لێ ئەگێڕمەوە.

ئێمەیش چووینەوە چایخانەکەو قادرو عومەر مستەفا هەرلەوێ مابوون, پێمان وت ئەو کابرایەی تۆ ئەڵێیت لەوێ نەماوە. هەستە بچۆ خۆت لە شوێنێك بشارەوە سبەینێ بێرەوە ئێرە, وەڵامت ئەدەینەوە.

قادر هەستاو دوورو نزیك شوێنی کەوتین چووە ئوتێلەکەی میرزا حسێن‌و ئێمەش چووینەوە بۆ بەشی ناوخۆو جەمالیش چووەوە بۆ بەکرەجۆ.

رۆژی دوایی کاتژمێر چوار کاك جەمالمان بینی وتی کوشتنەکەی لابرا, بەڵام ئەبێت کەڵکی باشی لێوەرگرن.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

هەر ئەو رۆژە من بەشەهید جەمالم وتو بۆمگێڕایەوە وتی: ئەگەر درۆ نەکاتو توشی گرتنو کێشەمان نەکات شتێکی باشە.

ئێوارە منو جەمال و عومەر چووین بۆ ئوتێلی میرزا حسێن. قادر لە ژوورەکەی خۆی بوو پێمان وت و زۆری پێ خۆش بوو, وتی ئیتر ئێوە بمبینن چیتان بۆ ئەکەم.

شەهید جەمال بەمنی وت, تۆ هەرخۆت پەیوەندیی پێوە بکەو چی هێنا لێی وەربگرەو لەبەشی ناوخۆ داینێو خۆم دێم و ئەیگەیەنمەوە شوێنی خۆی.

هەندێ جاریش عومەر مستەفا ئەچوو شتەکانی لێوەرئەگرت.

تاوەکو دووبەرەکێکەی ساڵی 1964 بەردەوام, نووسراوی ئیستیخبارات, فیشەکی هەمەجۆر, (دوو دەمانچەی بۆ هێناین), من لێم وەرئەگرتو تەسلیم بە شەهید جەمالم ئەکرد. دوای ئەو بەرواره ئیتر قادر چووە بەغدا.

4-دەست پێکردنەوەی شۆڕش لە 1974دا دوای گفتوگۆی ئازار.

شەهید جەمال لەقەرەداغ بوو لە لیژنەی ناوچەی قەرەداغ کاری ئەکرد.

شەوێك لە پێنجوین لەبازاڕەکە بێ کارەباو قەڵەباڵغ بوو (چونکە رۆژانە خەڵك لەوە ئەترسا, فڕۆکە وەك قەڵادزەو هەڵەبجە بۆردومانی بکات).

پێیان وتم پیاوێك بە شوێنتا ئەگەڕێ پێشمەرگەیە, لای کاك بەکری حاجی سەفەر دانیشتبو (کاك بەکر ئەو کاتە دوکانی هەبوو) شەو ئەیکردەوە رۆیشتم سەیرم کرد شەهید جەمال-ە زۆر بەتاسەوە یەکترمان ماچ کردو وتی ماوەیەکە بە شوێنتا ئەگەڕێم. دوای هەندێ قسەو باس, وتی ئیشەکەم ئەمەیە: من لەقەرەداغمو ئێرە شوێنێکی دوورەو تا رادەیەك پارێزراوترە لە قەرەداغ ئەمەوێ منداڵەکان بێنم لای تۆ دایانبنێم و بچمەوە بۆ قەرەداغ, تا لەوێ ئەوەندە دوودڵ نەبمو دڵم لای منداڵەکان نەبێت.

منیش وتم: جا ئەوەی بەمن بکرێت شانازی پێوە ئەکەم, ئەوە ئەوپەڕی متمانەیە تۆ ئەیدەیت بەمن.

ئێمە لە شوێنێك کەپرمانکردبوو لەسەرسنووری ئێران پێیان ئەوت (سەرکۆشك).

پاش (5) رۆژ, خێزانی شەهید جەمال و منداڵەکانی هاتن و لای خۆمان کەپرمان بۆ کردن, وەك براژنو برازای خۆمان لای منو عومەر مستەفا مانەوە.

5-لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی 1980 ی شاری پێنجویندا رێکخستنەکانی (کۆمەڵە) کەوتنە بەرشاڵاوی رژێمی داگیرکەری بەعس. هەموو کوردستان ئاگادار بوونو لەدوورەوە چاودێری بارو دۆخی پێنجوینیان ئەکرد.

مامۆستایان (ئەحمەد محەمەد عەزیز و عومەر مستەفا و عەزیز محەمەد ئەحمەد و محەمەد حاجی عەزیز) هاتبوونەوە سلێمانیو نەیانئەوێرا بێنەوە پێنجوین.

هەندێ لەکادرەکانی رێکخستنی کۆمەڵەی پێنجوین دەرباز بوبونو گەیشتبونە ناو هێزی پێشمەرگە.

بارودۆخەکە زۆر ناخۆش و ترسناك بوو.

من بەتەنیا لە پێنجوین مامەوەو نەمئەویست دەزگاکانی رژێم شکم لێپەیدا بکەن, بۆیە نەهاتم بۆ سلێمانی. چەند رۆژێ دوای راپەڕینەکە نیوەرۆ بوو, من لەسیاحییەکەی پێنجوین بەتەنیا دانیشتبووم شاگردی سیاحییەکە هات, وتی قەمەرەیەك لە بەردەرگایە, پیاوێکی تیایە تۆی ئەوێت, منیش کەچوومە دەرەوە بینیم: کاك تاهیری حەمە ساڵحە. (حەمە تاهیری مەڵبەند) پێنجوینییەو خزمە. بەخێرهاتنم کردو وتم فەرموو دابەزە, با بچینە

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

ژوورەوە, وتی پەلەمە نایەمە ژوورەوە.کاك جەمال تاهیر منی ناردووە, تا زانیاریمان بدەیتێ لەسەر بارو دۆخەکەو کێ گیراوەو کێ دەرچووەو رزگاری بووەو کێ لەناو شاردا ماوە.

منیش وتم خەمتان نەبێت, ئەوانەی, مەبەستتانە کەسیان نەگیراون, هەموویان دەرچوون لە پێنجوین نەماون.

6-لەسالی 1980دا, بە بۆنەی (17) تەمموزەوە رژێمی بەعس لێبوردنێکی دەرکرد بۆ گیراوەکان شەهید جەمال یەکێك بوو لەوزیندانیانەی بەرئەو لێبوردنە کەوتو ڕزگارو ئازاد کرا.

کە ئێمەش هەوالمان زانی لە پێنجوینەوە منو مامۆستا شێخ عەزیزو عومەر مستەفا هاتینو سەردانمان کرد لەمالەوە. (مالەکەیان لە پشت مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکەوە بوو) کە چووین زۆر پێخۆشحال بوو. دوای خۆشی دەربڕینمان بەبەربوونی.. ...

کە هەستاین هەرسێکمان پێمان وت: بیکە لە رای خوا ئیتر لەناو شار دامەنیشە, ئەمجارە بگیرێیتەوە رزگار بوونت نابێت و واچاکە بچیتە دەرەوە (ناو شۆڕش).

لەبیرمە لە وەلامەکەیدا وتی: هێواش قسە بکەن با مندالەکان گوێیان لێ نەبێت, چونکە خۆم بڕیارمداوە بڕۆم.

ئیتر ئێمە هەر ئەوجارە شەهیدمان بینی.. ..

**غەفور شوکر خواجە**

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com